## سەبارەت بە کێشەی ( خێزانە کوردە فەیلییەکەی دەربەندیخان ) ..لە دادگای سلێمانی،

# دانیشتنەکانی دادگایی کردنی سەرنووسەری ( ئەمڕۆ ) بەردەوامە.

سلێمانی تایبەت بە (کوردستان نێت):

**سەبارەت بە کێشەی ( شەیما- خێزانێکی کوردی فەیلی دەربەندیخان ) لە دادگای سلێمانی دانیشتنەکانی دادگایی کردنی ( فەرهاد مەلا حەسەن- سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەمڕۆ ) بەردەوامە . بە پێی سەرچاوە نزیکەکان تاکو ئێستا دوو دانیشتنی تایبەت بەو دادگایی کردنە کە هەردوو لایەنی (ڕۆژنامەی ئەمڕۆ ) لەلایەك وقائمقامی پێشووی دەربەندیخان و بەڕێوەبەری ئاسایشی دەربەندیخان لەلایەکی ترەوە ڕووبەڕووی یەکتر کراون، بەڕێوە چووە، کە یەکەمیان لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/١٥ و دووەمیشیان لە ٢٠٠٥/٧/١٢ بووە.بڕیاریشە لە دانیشتنی ئەمجارەدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە پەیوەندارەکان ئامادەبن.**

**لە پەیوەندییەکدا ( فەرهاد مەلا حەسەن ) سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بە (کوردستان نێت )ی ڕاگەیاند: کێشەکە زۆر بەشێوەیەکی باش بەڕێوەچووەو لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو ئیحالەی دادگا کراوە، تاکو ئێستاش دوو دانیشتن ئەنجامدراوەو بڕیاریشە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٥/٧/١٩ دانیشتنێکی دیکە ئەنجام بدرێت،،**

**سەبارەت بە دەرەنجامەکانی ئەم دادگایی کردنەش،ناوبراو بە (کوردستان نێت )ی ڕاگەیاند: بە پێویستی نازانم ووردەکارییەکانی ئەو دانیشتنانە باس بکەم چونکە لە دوا بڕیاری دادگادا هەموو شتێك ئاشکرا دەبێ . هەروەها لەبارەی هەڵوێستی لایەنە پەیوەندارەکان بەو کێشەیە، گووتی :ڕەنگە هەموو لایەك چاوەڕوانی دوابڕیاری بکەن...**

**جێی باسە پارساڵ ئەم کێشەیە لە زمارە ( ٣٨ ) ی ڕۆژنامەی ( ئەمڕۆ ) بڵاوکرایەوەو دواتر هەریەك لە قائمقام وبەڕێوەبەری ئاسایشی دەربەندیخان سکاڵای یاساییان لەسەر سەرنووسەری ( ئەمڕۆ ) تۆمار کرد.**